

# بەرەنگاربوونەوەی لافاو و کەمکردنەوەی زیانەکانی

کارەساتی لافاو لەم هەرێمەدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و ساڵانە زیانی گیانی و ماڵی زۆری لێدەکەوێتەوە، لافاوی ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو لە سلێمانی و هەولێر ئەو راستییە دەردەخەن کە ئەم هەرێمە لەڕووی ئاووهەوا لەتەواویی ناوچەکانی دیکەی عێراق جیادەکرێتەوە بەتایبەتی لە وەرزی زستان و بەهاردا کە باراناوییەو بەفری لێدەبارێت بەتایبەتی بارانی بەخوڕو بەلێزمە بەرادەیەك بەتێکڕا بارانبارین لەهەرێمەکەدا دەگاتە ٦٧٠ ملیمەتر، ئەم بڕە بارانەش نەتوانراوە پاشەکەوت بکرێت و تۆبۆگرافیای کوردستان و بوونی بەرزونزمی خاکەکەی هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ ئەوەی ئاوی باران لەپانتاییەکی تەسکدا چڕ ببێتەوەو بەخێرا تێپەڕبێت و هەندێك جار لافاوی لێبکەوێتەوە. لەگەڵ نزیکبوونەوەی هاتنی وەرزی زستان و بارانبارین ئەگەرەکانی کەوتنەوەی لافاو و زیانەکانی دووبارە سەرهەڵدەداتەوە، کە لەگەڵ نەبوونی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لەلایەن وێستگەکانی کەشناسییەوە زیانی لافاوەکان زیاتر دەبێت.

لەدوو ساڵی رابردوو بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریی لافاو لەشارو قەزاو ناحیەکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەکانی تۆڕی ئاوەڕۆ جێبەجێ کراوە، بەڵام بەپێی فراوانبوونی ئاسۆیی شار و شارۆچکەکان و زۆری یەکەکانی نیشتەجێبوون نییە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆی قورس و بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئاوەڕۆی بارانبارین بۆ ئاوەڕۆی قورس و زۆرجار خراپی کوالێتی پرۆژەکان و گیران و تێکچوونی لێدەکەوێتەوە، زۆرجاریش لەئاکامی ناهۆشیاریی زۆر لەو ئاوەڕۆیانە پێش هاتنی وەرزی بارانبارین پڕ دەبن لە خۆڵ و خاشاك و دەگیرێن، لەسەردەمی ئەمڕۆدا زۆر رێگا هەیە بۆ خۆئامادەکردن لەکەمکردنەوەی زیانەکانی لافاو لەوانە دروستکردنی کەناڵی پاراستنی شار لە لافاو بەرەچاوکردنی ماستەرپلانی شارەکان یا پاککردنەوەی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ پێش هاتنی وەرزی زستان. لەلایەکی دیکەوە بەوپێیەی هۆشیاریی تەواو نییە بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان خۆڵ و خاشاکێکی زۆر دەکەونە ناو ئاوەڕۆکانەوەو دەبنە هۆی گیرانی، یا زۆر لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەناو کەندو شوێنی نزم دروست کراون، ئەو رێگایانەی دەچێت بۆ گوندەکانیش بەپێی پێویست قەنتەرەی بۆ دروست نەکراوە و یا لەناو رووبارو زێیەکان ژمارەیەکی زۆری کارگەی قوم و چەو هەیە کە دەبێتە هۆی تێکچوونی زێیەکەو کەڵەکەبوونی خۆڵ و خاشاك و بەلێشاوهاتنی باران و گۆڕانی رێڕەوی زێیەکەو زیانگەیاندن بە پردەکان.

لەناو شاری هەولێر بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاوەڕۆ هەماهەنگی هەیە لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکانی هەولێرو بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکان و بەرنامەی پەرەپێدانی پارێزگاو سەرۆکایەتی شارەوانی و هەر شەش شارەوانییەکە، سەبارەت بەخۆئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی کەوتنەوەی لافاو لەپارێزگای هەولێر سرود عەبدولمەجید بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر پێیوابوو ئێستا ئاوەڕۆیەکی زۆر هەیە لەناو شاری هەولێر تەنانەت پرۆژەو کاری ئاوەڕۆمان لەهەموو قەزاو ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر هەیە، ئەگەر ئەم ئاوەڕۆیانە نەبوونایە ئەوا گرفتی کەوتنەوەی لافاو زۆر زیادی دەکرد بەتایبەت لەگەڵ بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ لەجیاتی ئاوەڕۆی قورس. جگە لەدروستکردنی ئاوەڕۆ ساڵانە بە بەردەوامی ئاوەڕۆکان نۆژەن و خاوێن دەکرێنەوە، هەروەها لەسەر

**ئاوەڕۆکانی کەندی هەولێر و فرۆکەخانەو ئاوەڕۆی سەرەکی گەڕەکی تەیراوە رۆڵی گرنگیان لەکەمکردنەوەی زیانەکانی لافاو هەیە**

**بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کەوتنەوەی لافاو لە گەڕەکەکانی هیران سیتی یەک و دارەتوو هەندێک گەڕەکی دیکەی ناوچەی رۆژهەڵاتی هەولێر هەڵساوین بەهەڵکەندنی چاڵێکی کراوە لەدارەتووی تازەوە تا دەگاتە کەندی گەورەی بنەسڵاوە**

**ئاگاداری ئەو هاووڵاتیانە لەتۆڕەق دەکەینەوە کە خانوویان بەزێدەڕۆیی لەناو کەندەکان دروست کردووە کە پێویستە بگوازنەوە چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بەر لافاو بکەون**






**سروود عەبدولمەجید**

**بەڕێوەبەری ئاوەڕۆكانی هەولێر بۆ (گوڵان):**

# شاری هەولێر پێویستی بە كەناڵێكی پاراستنی لافاوی دیكە هەیە



**سەردار عومەر**

**بەڕێوەبەری ئاودێری پارێزگای هەولێر و سكرتێری لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی لافاو بۆ(گوڵان):**

# نەبوونی ئاوەڕۆی ئاوی قورس هۆكارێكە بۆ كەوتنەوەی لافاو لەناو سەنتەری شاری هەولێر

بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پرۆژەی ستراتیژیمان لەناو سەنتەری شاری هەولێر هەیە لەوانە پرۆژەكانی ئاوەڕۆی كەندی هەولێرو فرۆكەخانەو ئاوەڕۆی سەرەكی گەڕەكی تەیراوە، هەروەها ساڵانە تیمەكانمان هەڵدەستن بەپاككردنەوەو نۆژەنكردنەوەو خاوێن كردنەوەی ئاوەڕۆكان بەتایبەتی لەلای قەباغەكان و چاڵ و چەمبەرەكانی ئاوەڕۆكان، لەمەشدا پێویستیمان بەهاوكاری هاووڵاتیان هەیە تاوەكو پارێزگاری لەپاكوخاوێنی و سەرو مەنهۆڵی ئاوەڕۆكان بكەن لە كەرەستەو پاشماوەی بیناسازیی. لەلایەكی دیكەوە ئاگاداری ئەو كۆمپانیانەمان كردۆتەوە كە ناو شارو گەڕەكەكان پاك دەكەنەوە تاوەكو پارێزگاری لە ئاوەڕۆكان بكەن و زبڵ و خاشاك نەخەنە ناو چەمبەرەكانەوە. لەپێناو دووبارە نەبوونەوەی لافاوەكانی ساڵی رابردوو كە بووە هۆی كەوتنەوەی لافاو لە هەریەك لە گەڕەكەكانی هیران سیتی یەك و دارەتوو هەندێك گەڕەكی دیكەی ناوچەی رۆژهەڵاتی هەولێر هەڵساوین بەهەڵكەندنی چاڵێكی كراوە لەدارەتووی تازەوە تا دەگاتە كەندی گەورەی بنەسڵاوە بەمەبەستی گۆڕینی رێڕەوی لافاوەكە. سەبارەت بەدروستكردنی كەناڵێكی پاراستنی شاری هەولێر لەلافاو و جێبەجێنەكردنی ئاوەڕۆی سەرەكی قورس بەڕێوەبەری ئاوەڕۆكانی هەولێر وتی: لەئاكامی بەرفراوانبوونی شاری هەولێر ئێستا پێویستیمان بەكەناڵێكی دیكەی ئاوەڕۆ هەیە بۆ ئەوەی گەڕەگ و ماڵەكان لەلافاو بپارێزرێت كاتی ئەوەش هاتووە پرۆژەی ستراتیژیی ئاوەڕۆی باران دابمەزرێت، ئەمە جگە لەوەی لەپێش نەخۆشخانەی فریاكەوتنی رۆژئاوا ٢ ئاوەڕۆی گەورەو سندوقی دروستكراوە. هەروەها ئەگەر ئاوەڕۆی ئاوی قورس لەهەولێر ئەنجام بدرێت كاریگەریی زۆر باشی لەسەر روونەدانی لافاویش دەبێت، چونكە باری قورسی ئاوەڕۆكانی بارانیش سووك دەبێت. سكرتێری لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی لافاویش لەم راپۆرتەدا جەختی لەسەر گرنگی ئەم پرۆژەیە كردوو وتی: نەبوونی ئاوەڕۆی ئاوی قورس هۆكاری سەرەكی روودانی لافاوە لەناو سەنتەری شاری هەولێر و گەڕەكەكانی كە لەبەر تێچوونی گەورەی پرۆژەكە چەند ساڵێكە دیزاینی تەواو بووە، كەچی جێبەجێ نەكراوە.

سەبارەت بەكۆبوونەوەی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی لافاو بەڕێوەبەری ئاوەڕۆكانی هەولێر وتی: لەدوا كۆبوونەوەی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی لافاو كە سەرۆكی لیژنەكە پارێزگاری هەولێرە ئامادەكاریی و بودجەی پێویست ئامادەكرا، بەپێی ئەو كارو پرۆژانەش بێت كە ئەنجامدراوە روودانی لافاو لەو شوێنانەی ساڵی رابردوو زەحمەتە، دڵنیایی دانیشتوانی گەڕەكی ژیان و دارەتوو زۆربەی ئەو گەڕەكانەش دەكەینەوە كە ساڵی رابردوو دووچاری لافاو بوون ئەمساڵ كێشەكە چارەسەر كراوەو پێشبینی روودانی لافاو ناكەین، لەگەڵ ئەمەش دا تیمەكانی بەرەنگاربوونەوەی لافاو لە ئامادەباشیدایە لەئەگەری بارانبارینی بەخوڕو لێزمە.

سەردار عومەر قادر بەڕێوەبەری ئاودێریی پارێزگای هەولێر و سكرتێری لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی لافاو و رووداوە سروشتییەكانی دیكە لە دیوانی پارێزگای هەولێر لەلێدوانێكی تایبەت بۆ گوڵان وتی: هەموو ساڵێك لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی لافاو و رووداوە سروشتییەكانی دیكە پێش هاتنی وەرزی زستان كۆبوونەوەكانی خۆی دەست پێ دەكات بەتایبەتی بۆ ئەوەی پلان و ئامادەباشی دابنێت بۆ هەر رووداوێكی لافاو و ئەو كێشانەی كە

لە ئەنجامی باران بارینی زۆر و بەخوڕ کە لەناو شارو شارۆچکە و سـنووری ئیدارەی پارێزگای هەولێـر ڕوودەدات بەتایبەتی بۆ ناو شـاری هەولێر بەهۆی ئەو تۆبۆگرافییەی هەیەتی، چونکە سەنتەری شارو گەڕەکەکانی هەولێر نزیکەی ٤٢٠مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە گەرچی دەوروبەری بەتایبەتی باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی شـارەکە زۆربەی گـردو تەپۆڵکەو دۆڵ و چەمە و ٥٠٠مەتریـش لە ڕووی دەریـاوە بەرزترن، کە ئەمەش وادەکات ئەو بارانـە بەلێزمەو زۆرەی دەبارێت لە گـردو دۆڵەکان بۆ ناو گەڕەکەکانـی شـاری هەولێر شـۆڕبێتەوە و هەندێ جار ببێتە لافاو وەکو ئەوەی کە لە سـاڵی ڕابـردوو ڕوویدا لە گەڕەکەکانی هیران سـتی یەك و زیلان و ناحیـەی دارەتوو و گەڕەکی ژیان، تۆبۆگرافیای شاری هەولێر لەگەڵ قەزاو ناحیەکانی وەکو حاجی ئومەران و چۆمان و ڕواندز و سـۆران و مێرگەسـۆر و دەشتی هەولێر جیاوازە، لەلایەکی دیکە ئەو دۆڵ و زورگ و شـوێنانەی دەورەی شاری هەولێر کە ئاوەشۆڕەکەیان دێتەوە بۆ شارەکە لەلایەن هەندێ خەڵکەوە زێدەڕۆیی لەسەر دەکرێت، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە هۆکارەکانی ڕوودانی لافاو لە هەندێ گەڕەکی شاری هەولێر، ئەمسـاڵیش لە لیژنەکە لە ٢٠١٣/١٠/٢٦ کۆبوونەوەی خۆمان بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر کە سـەرۆکی لیژنەکەیە لەگەڵ لایەنە پێوەندارەکان کە ئەندامی لیژنەکەن ئەنجامدا، تێیدا هەموو خاڵ و کێشەو گرفت و چۆنیەتی چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبونەوەی لافاو لەناو شاری هەولێر و سنووری ئیدارەی پارێزگا گفتوگۆیان لەسـەر کرا، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین و دەستنیشـانی بکەین کە هەندێ شوێن هەیە لەناو شار وەکو ئەندەرپاسەکان و هەندێ شەقام و گەڕەك لەکاتی باران بارینی زۆر ڕووبەڕووی لافاو دەبنەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕووداوە پێش هەموو کارێك لیژنەکە تەئکید لـەوە دەکەنەوە کە هەندێ پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەناو شـارو شارۆچکەکان هەیە پێویسـتە پێش هاتنی وەرزی زستان و باران بارینی زوو تەواو بن، چونکە هەندێ جار تەواو نەبوونی ئەو جۆرە پرۆژانە و مانەوەیان لە وەرزی زستان دەبێتە هۆکاری کۆبوونەوەی ئاو و ڕوودانی لافاو لەو شوێنانە، ئەمساڵ لە کۆبوونەوەکەدا وەکو لیژنـەی تایبەت و پەیوەندار بـەم ڕووداوە پلانمان بۆ ڕوونەدانی لافاو داناوە، ئەمەش بەچەند کارو پرۆژەیەك دەسـتەبەر دەبێت و بەپێی ئەو پلان و بەرنامەو کارو پرۆژانەوە دەتوانین ئاوی باران و لافاوەکە بۆ دەرەوەی گەڕەك و شار بگەڕێنینەوە، لەلایەکی دیکە پێش ئەو بەرفراوانییەی کە هەولێـر بەخۆییەوە بینیوە کەناڵێکی کراوەی پاراستنی لافاو لەو شوێنە دروستکراوە کە ئاوەشۆری گرد و دۆڵ و زورگەکانی لێ دێتەخوارەوە بەرەو شـاری هەولێر، بەڵام ئێسـتا چەندین گەڕەك لەدەرەوەی ئەم کەناڵەی پارستنی لافاوە دروست بووە و خانووی هەندێ گەڕەك کەوتووەتە نزیك کەناڵەکە، هەر بۆیە بۆ پاراسـتنی شاری هەولێری ئێستاو ئەو گەڕەکانەی مەترسی لافاویان لەسەرە پرۆژەی دروستکردنی کەناڵێکی دیکەی پاراستنی لافاومان پێشـکەش کردووە کە ئەو کەناڵەش دەکەوێتە پشت کەسنەزان و پشت مۆنۆمێنتی شەهیدانەوە دەست پێ دەکات تا دەچێتەوە پشت بنەسڵاوە و دارەتوو و تاکو ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکرێـت چەند کاری هەنوکەییمان بـۆ بەرەنگاربوونەوەی لافاو دەسـت پێکردووە، لەو کارو پرۆژانە بەربەسـتێکمان بۆ گەڕەکی زیلان و هیران سـتی یەك دروسـت کردووە. هەروەها بۆ هەموو قەزاو ناحیەو کۆمەڵگاکان بەتایبەتی ئەوانەی دەوروبەری هەولێر کارو پلانمان هەیە هەر بۆ نموونە بۆ پاراستنی دارەتوو و گەڕەکی ژیان، چونکە لەپشت دارەتوو دۆڵێك هەیە کە لە گوندی بیستانەوە رادێت پێی دەڵێن دۆڵی گردیش و لەم دۆڵەدا بەستێکی گەورە لە ئاوی باران دروسـت دەبێت و لەکاتی بارانی زۆر و بەخوڕ دەبێتە لافاو بەرەو ناو دارەتوو دێت، بۆ چارەسەری ئەمەش لە سنوورەکەدا کەناڵێکی کاتی بەپێی پێویست هەڵکەندراوە تاوەکو ئاوی بەستی دۆڵی گردیش نەهێتەوە نـاو دارەتوو، هاوکات بۆ قەزاکانی وەکو چۆمان و مێرگەسـۆر بە نموونە لە هەندێ شـوێنیان کە هێڵی لافاوە خەڵـك بە زێدەڕۆیی خانوو و شـوێنی حەوانەوەی مەڕو ماڵاتی دروسـتکردووە، هەر چەندە لەلایەن ئێمەو لایەنی یەکەی ئیدارەی ناوچەو قەزاکاندا بەخەڵکەکە وتراوە کە نابێت لەناو هێڵی لافاو کە دووری ٢٥٠مەترە لەسەر هەر کەند و چەم و دۆڵێك خانوو دروسـت بکەن، بەڵام خەڵك هەیە پابەند نابێت و لەکاتی لافاویش زیانی بەر دەکەوێت، لەمەودوا هەر کەسـێك زێدەڕۆیی بکات لە دەرئەنجامی لافاودا زیانـی بەر بکەوێت بەهیچ جۆرێك قەرەبوو نایگرێتەوە، هاوکات هەندێ شـەقام و ڕێگای سـەرەکی قەزاو ناحیەو گوندەکان هەیە قەنتەرەیان تێدایە سـاڵانە و ئەمسـاڵیش پێش وەرزی زسـتان لەلایەن لایەنی پێوەندارەوە بە باشـترین شێوە پاك دەکرێنەوە و هەر ڕێگایەکی سـەرەکی ئەو ناوچەو شـوێنانە نۆژەن بکرێنەوە یا تازە دروست بکرێن ئەوە قەنتەرەکانیان بە تیرەی زۆر زیاتر و بەرزتر بۆ دروسـت دەکـەن. یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هـۆکاری لافاو لە ئەنجامـی زیادبوونی ئاوی زێی گەورە و دروسـتکردنی کارگەی قـوم و چەو کە بەزێدەڕۆیی و لەدەرەوەی ڕێنماییەکانـەوە دانراون، کە دەبنە هۆکاری قوڵکردنی ناو زێیەکەو گۆڕینی ئاڕاستەی ئاوەکە، ئەمەش کێشەو گرفتی زۆرمان بۆ دروسـت دەکات، خاوەنی ئەو کارو کارگانە هەڵناستن بە پڕکردنەوەی شوێنەکانیان و پاراستنی ئاراستەو ڕێڕەویی ئاوی زێیەکە، هەروەها هەر پردێك لەسـەر هەر زێی و ڕووبارێك هەبێت دەبێـت کارکردن یـا دانانی کارگەکانی قـوم و چەو لە دووری هەر لایەکی لەیەك کیلۆمەتر کەمتر نەبێت، ئێستا بەدواداچوونی وردمان بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان هەیە و ڕێگا بەهیچ کەسێك نادرێت لەدووری کەمتر لە یەك کیلۆمەتر لە پردەکانەوە کار لەناو زێیەکان بکات.

سـکرتێری لیژنـەی بەرەنگاربوونـەوەی لافـاو سـەبارەت بەئاگادارکردنەوەی پێش وەختی کەوتنەوەی لافاو وتی: لەهەرێمی کوردستان وێستگەی کەشناسیمان هەیە بەتایبەت ئێمە وێستگەیەکی کەشناسـیمان لە ڕێزان هەیەو پێـش کەوتنەوەی لافاو کارگەکانی قـەزای خەباتمان ئاگادارکردۆتەوە و چەنـد هێزێکی زێرەڤانی و لایەنـە پێوەندیدارەکانی دیکە بـۆ بەرەنگاربوونەوەی لافاو ئامادە کراون، هەروەها دەتوانین خەڵکی ئەو شـوێنانەی ساڵی ڕابردوو کە دووچاری لافاو بوون دڵنیا بکەینەوە کە ئەمساڵ ئامادەکارییەکی باش هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لافاو تەنانەت ئەو پرۆژەو کارانەی لەمبارەیـەوە ئەنجامدراوە هۆکارێکی سـەرەکییە بۆ نەهێشـتن و کەمکردنـەوەی زیانەکانی ڕووداوی لافاو، بـەڵام ئاگاداری ئەو هاووڵاتیانـە دەکەینەوە کە خانوویـان بەزێدەڕۆیی لەناو کەندەکان دروست کردووە کە پێویستە بگوازنەوە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بەر لافاو بکەون و زیانی گیانی و ماڵیشی بەدوادا بێت. لەلایەکی دیکـەوە ئەو بەرفراوانبوونە خێرایەی کە شـاری هەولێر بەخۆیەوە بینیوە نەتوانراوە بەپێی پێویست ئاوەڕۆ دروست بکرێت.

**ئەمساڵ پێشبینی کەوتنەوەی لافاو ناکەین لەگەڵ ئەوەش دا تیمەکانی بەرەنگاربوونەوەی لافاو لەئامادەباشیدا دەبن**

**لەشاری هەولێر چەندین گەڕەگ لەدەرەوەی کەناڵی پاراستنی لافاو دروست بوون و هەندێکیشیان لەناو کەناڵەکەیە**

**بەربەستێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی لافاو لە گەڕەکی زیلان و هیران ستی یەک دروست کراوە**

**لە هەندێ شوێن کە هێڵی لافاوە خەڵک بە زێدەڕۆیی خانوو و شوێنی حەوانەوەی مەڕو ماڵاتی دروستکردووە**